## خەبات مەولوودی:
## بەرهەمێک ڕەسەنە کە دوای چەند نەوەیەک گوێی لێ بگیرێ.. دەبێ هونەریش بۆ نەتەوە بێ.



**ئا: خەبات ڕەسوولی**

**(٢ - ٢)**

«هونەری کوردی پێویستی بە هونەر مەردە» ئەوە یەکێک لەو وتانەیە کە هونەرمەند خەبات مەولوودی باوەڕی پێیەتی. ئەو دەڵێ خەڵکێک هەیە بوونەتە هۆی بارگرانی بەسەر گۆرانی کوردییەوە، هەروەها پێی وایە گۆرانیبێژێک نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو گۆرانی بۆ بەردەنگەکانی بڵێ گۆرانیبێژ نییە. خەبات مەولوودی خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تا ئێستا سێ ئەلبوومی بڵاوکردووەتەوە.

لەوانەیە لە دنیای ئەمڕۆدا کە هەموو شتێک بە پێوەری بازرگانی مەزندە دەکرێ، ئەوەندەی بایەخ بە لایەنی ئابووری بەرهەمێک دەدرێ، نیو ئەوەندە لایەنەکانی دیکەی لەبەرچاو ناگیرێ، لەوانەیە بۆچوونەکانی خەبات مەولوودی بەدڵی هەمووان نەبێ، بەڵام ئەو خۆی گوتەنی تا ئێستا هونەری هەرزان فرۆش نەکردووە و نایکات.

گۆڤاری ڕامان بۆ بەسەرکردنەوە و ناساندنی ئەو دەنگە نوێیەی هونەری گۆرانی کوردی چاوپێکەوتنێکی بەرفراوانی لەگەڵ ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشە ئەنجام دا و ئەوەی دەیخوێننەوە دەقی ئەم چاوپێکەوتنەیە.

**ڕامان:** مادام تۆ لێکۆڵینەوەت لەسەر بەیت و حەیران کردووە، دەتوانی بەراوردێک لە نێوان حەیرانی موکریان و هەولێردا بکەیت تا بزانین جیاوازییان چییە؟

**خەبات مەولوودی:** من زۆر شتم لەسەر ئەم مەسەلەیە بیستووە و خوێندۆتەوە و جارێ با بزانین حەیران بۆ گوتراوە. حەیران هی قۆناغی شوانکارەیی کوردە، هی ئەو قۆناغەی کە هێشتا نیشتەجێ نەبووە و گەرمێن و کوێستانی کردووە و ئەم سنوورە دەسکردەی ئێستا نەبووە. بەپێی ئەم هاتوچۆیە شتیان لە یەکتر وەرگرتووە. چەند حەیرانبێژ و لێکۆڵەرمان لەم دیو هەیە، ئەوەندەش لەودیو هەیە. ئایا ناوی چەند شوێنێک، دەبێ ئەو قەناعەتت لا دروست بکا کە حەیران لەو شوێنە سەری هەڵداوە؟ حەیرانی موکریانیش باسی چەند شوێنێکی کوردستانی ئەم دیو دەکا، ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە حەیران لە هەولێر، یان لە موکریانەوە سەری هەڵدابێ. بەستنەوەی حەیران بە ناوچەیەک، یان بە شارێک چ دەردێک لە من سووک دەکا؟ چەند حەیرانبێژ هەن لە باشوور وەک حەسەن سیساوەیی کە ڕۆژێ چەند جار هەواڵی مەرگی بڵاو دەکەنەوە، حەسەن سیساوەیی، شێروان شەیدا، عارەب عوسمان و...تاد هەر بەو هۆیەوە حەیرانبێژانێکی زۆریشمان لە موکریان هەیە. ئەو ڕێگایانەی هاتوچۆشیان پێدا کراوە لە سەردەمی ئاژەڵداری، پشدەر بۆ موکریان و لەوێشەوە بۆ هەولێر و قەراج و کەندیناوە، نابێتەوە بەڵگە بۆ ئەوەی بڵێین حەیران لەو شوێنە سەری هەڵداوە.گرینگ ئەوەیە کە حەیران وەک ئامراز و کەرستەیەکی هونەری کوردەواری بۆ دەربڕینی بەشێک لە ئیحساساتی سەرکوتکراوی کۆمەڵگای کوردەواری، حەیرانبێژ دەرروویەکی دۆزیوەتەوە و دەنگی دڵی خۆی دەربڕیوە. ئەم مەسەلەیە پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی دەوێ. گرینگ ئەوەیە ئەمڕۆکە چەندە بەکاری من دێ؟ گەنجێکی ئەمڕۆکە چەندە چێژ لە حەیران وەردەگرێ؟ بۆ دەبێ بیلێ، بۆ دەبێ نەیلێ، چۆنی بلێ؟ زۆر کەس دەڵێن حەیران نابێ دەسکاری بکرێ، هەندێک کەس تێکستی تازەی بۆ دەنووسێ، کەسیش هیچ ناڵێ. هیچ پێوەرێک نییە و هەرکەسە و بە کەیفی خۆی شتێک دەڵێ. شوێن گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە منی کورد ئەمڕۆکە بێم و ئەم بابەتە فۆلکلۆرییە جوانتر بکەم، لە بەرنامەی کەناڵەکانی باشوور، پێشکەشکارەکانی بەرنامە هونەرییەکان تەنیا شتێک کە نایزانن، مۆسیقایە، بەڵام لە وڵاتان پێشکەشکارانی بەرنامەی هونەری و موزیک، زۆر شارەزان لەم بوارەدا، لێرە تەنیا ئیشیان پێداهەڵگوتنە و جارێک ناڵێن ئەوە ئاوا نییە. پاراستنی فۆلکلۆر ئەوە نییە کە تۆ بەڕەیەک ڕابخەی و لەنتەر (فانۆس)ێک هەڵواسی، جووتێک کڵاش لە پێ بکەی و تەسبیحێک بگریتە دەست و شەقەی لێ بێنی. گەنجی ئەمڕۆ دیکۆری جوان دەبینێ، گوێی لە مۆسیقای کوالێتی بەرزە، بەرنامەی پرۆفیشناڵ دەبینێ و سەیری ئەم بەرنامانە ناکا، بۆیە خۆشەویستی ناکەن و خەڵکی لێ بێزار دەکەن. لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی فۆلکلۆرن، بەڵام شارەزا نین. گەنجێکی سی ساڵ خەریکی فۆلکلۆرە کە بیست و هەشت ساڵی لە دەرەوە ژیاوە، دێ مەقامی سەفەر دەڵێ، بێ ئەوەی گەرمیانی بینیبێ و بزانێ مەقامی سەفەر چییە؟(١) یان ژیانی لە ئەورووپا بەسەر بردووە، یان قەت نەچۆتە گوندێک بزانێ ژیانی گوند چییە؟ بۆیە ئەم هەست و سۆزە دەکوژن و خەڵک ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لێی دوور دەکەوێتەوە

**ڕامان:** هونەری گۆرانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ئاستێکدایە و بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوا؟

**خەبات مەولوودی:** دەڵێن لە شوێنێک کە زەوی هەیە، ئاو نییە و لە شوێنێکیش کە ئاو هەیە، زەوی نییە. کوردستانی باشوور، ئازادی و ئیمکاناتی هەیە و هونەرمەند هیچ بەربەستێکی نییە و ئازادە لە هەڵبژاردنی هەر دەق و شیعرێک، بەڵام لە ڕۆژهەڵات وانییە. من تا ئێستا سێ ئەلبوومم بڵاو بۆتەوە، دوو ئەلبوومم بە شێوەی ئۆرجیناڵ لە ئێران بڵاو بوونەوە و وەک ئاگاداری ئەوانەی لە ئێران بە ئۆرجیناڵ ئیش دەکەن، کە شیعرێک هەڵدەبژێریت، دەبێ ئەو شیعرە بە چەند قۆناغدا تێپەڕێ تا وەزارەتی ئیرشاد (ڕۆشنبیری) تەئیدی بکا، کە نابێ بە قسەی ئەوان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەی تێدا بێ و دەبێ بە هەزار کوندا تێپەڕێ. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەی ئۆرجیناڵ کار دەکەن، کەمن. کامکارەکان، عەزیز شاهروخ، عەباس کەمەندی و...تاد بەڵام سەرەڕای ئەو سانسۆرە، کاری زۆر باش دەکرێ، کەس بێ ئیزنی شاعیر ناتوانێ، شیعرەکەی بکاتە گۆرانی، کەس لە خۆوە ناتوانێ گۆرانی کەسێکی تر بڵێتەوە. بۆ کۆنسێرتێک دەبێ سەردانی سەد شوێن بکەیت تا ڕێگەت پێ دەدەن

بکرێ، نابێ لە ڕێکەوتی مەرگی هێندێک کەسدا بکرێ، نابێ کەس هەڵپەڕێ. دەبێ ژنەکان بە حیجابەوە بێن، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو گوشارە، خەڵک دێن، ڕەنگە بلیتی کۆنسێرتەکە بە پەنجاهەزار تمەن بێ، بەڵام خەڵک دەیکڕن، بێجگە لەوە چەپکە گوڵێکیش دەکڕێ و دەیکاتە دیاری بۆ هونەرمەندەکە، بەڵام لێرە دەڵێن هاتن بۆ هەموانە. کە هەموانیش دێن دەیکەنە ژاوەژاو و گوێ ناگرن. لەوێ هونەرمەندی باش هەیە، کاری باش دەکرێ. لە تەلەڤزیۆنی ئێراندا تەنانەت گوێت لە مۆسیقای سونەتیش (تەقلیدی) نابێ، بەڵام عەقڵییەتی هونەری هەیە. وەک ژێلەمۆیەک وایە کە ڕەنگە بڵێسەی نەبێ، بەڵام هەر گەرمە. لێرە ئەو هەستی حەماسەتەی ئەوێ نابینی، هەرچەندە ئیمکاناتیش زۆرە، ڕوحی نییە. ساردە، نەمر نییە.

کاتێک بەرهەمێک دەنێرنە دەرەوە لە چاپی سی دییەکەدا هەڵەی تێدا دەکرێ. هەڵەی نووسین، جێگۆڕکێی تراکەکان، چون کەس نییە بەسەری ڕابگا و لە کوالێتی و ڕیکۆردی دەنگەکانیش کێشە دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر کۆمپانیایەک هەبێ لە کوردستاندا و بە کوالێتییەکی بەرزەوە چاپی بکا، شتێکی باشە. کارێکی نەشیاوە کە ئێستاکەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئیمکاناتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سی دی نییە. نازانم بۆ چاپکردنی کتێب لە چ ئاستێکدان، ڕەنگە بۆ کتێب هێندێک ئیشیان کردبێ و هێندێک دەزگا هەبن. کتێبەکانی باوکم کە دەزگای موکریانی چاپی کردوون، هەڵەیان تێدابوو. پیتچنی و دیزاینەکەی کێشەی هەبوو، دڵنیام ئەگەر کۆمپانیایەکیش لەم بوارەدا هەبێ، ئیشەکە بە خاوێنی ناکا. ئەمە پێویستی بە کەسی پسپۆڕ و دڵسۆزە کە بە دڵسۆزییەوە بڕوانێتە هونەر. ئەم کۆسپانە بوون کە ئاماژەم پێ کردن.

**ڕامان:** کلیپی نەورۆزی تۆ کە سروودە، ئایا یەکەم ئەزموونتە لە بواری سروود گوتندا؟

**خەبات مەولوودی:** بەڵێ یەکەم ئەزموونمە، هەمیشە لەوە ترساوم کە لە شوێنێک، یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لێم بپرسن بۆچی سرووودت نییە. پێم وایە هەستی نەتەوایەتی پێوەندی بە هیچ زەمەنێکەوە نییە و تەواو نابێ و ئیتر پێمان وابێ کورد ئەو قۆناغەی دەرباز کردووە و سروودی ناوێ، نا وانییە. ئێستاش ئەگەر هەست و بیر نەبێ، زۆر کار بەڕێوە ناچێ، بۆیە حەزم کرد سروودێکم هەبێ کە هی لایەن و حزبێکی دیاریکراو نەبێ. نەورۆز بۆنەیەکی گشتییە و مۆرکی کەسی پێوە نییە و هەموو ساڵێک دووپات دەبێتەوە. گۆرانی نەورۆزی حەسەن زیرەک و موجتەبا میرزادە بۆتە هێمایەک بۆ نەورۆز کە نەمرە و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێ، بەڵام لە پەنا ئەوەشدا، ئەگەر شتێکی نوێ هەبێ، قەیناکا. سروودی نەورۆز، شیعری خالیدی حیسامی (هێدی)یە لە دیوانی کاروانی خەیاڵ وەرم گرتووە، ئاوازەکەی هی خۆمە. دابەشکردنی مۆسیقا لە لایەن لاوک لەتیفەوە کراوە، لە ستۆدیۆ ئارایانی تاران تۆمارمان کرد. خوالێخۆشبوو جەمال ئامادە کە چەند ساڵ پێشتر بە هۆی نەخۆشی تۆموری مێشکەوە (غودده) کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە شێوەی کلیپ کاری بۆکرد، کلیپەکە شتێکی سەیر نەبوو. هێندێک دیمەنی نەورۆزی تێدا بوون. ئاگرکردنەوە و هەڵپەڕکێ و هێندێک دیمەنی سروشتیشی تێدا بوو، بەڵام بەتەمام لە داهاتوودا کلیپەکە بگۆڕم، چونکە کوالێتی باش نەبوو، هەم لە ڕووی موزیکەوە و هەم لە ڕووی کلیپەوە پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە.

**لە بەرنامەی کەناڵەکانی باشوور، پیشکەشکارەکانی بەرنامە هونەرییەکان تەنیا شتێک کە نایزانن مۆسیقایە.**

**ڕامان:** هەموو هونەرەکان پەیامێکیان هەیە، بەڵام سروود زیاتر پەیامێکی ڕاستەوخۆی هەیە. چەندە بڕوات بە پەیام لە هونەردا هەیە؟ چەندە باوەڕت بە هونەری دەروەست هەیە؟ ئایا بڕوات هەیە کە هونەرمەند دەبێ پەیامێک بگەیەنێتە بینەرو بیسەر؟ یان تەنیا هونەرەو بەس؟

**خەبات مەولوودی:** ئەم مەسەلەیە بۆ ئایدیۆلۆژیایی و چوارچێوەی جیهانبینی هونەرمەند دەگەڕێتەوە. ڕەنگە ئەگەر من ئەو سروودەم نەگوتبایە، کەس ڕەخنەی ئەوەی نەگرتایە کە بۆچی خەبات سروودی نییە؟ یان ڕەنگە نەرمە ڕەخنەیەک بایە و هیچی تر. گوتنی ئەو سروودە زۆر بەرپرسیارەتی بۆ دروست کردم. من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیم، ئەو سروودە حەساسییەتی دروست

کرد، بە تایبەت جلوبەرگەکەم. پەیامی سروودەکە لە کۆتاییەکەیدایە کە دەڵێ دڵنیابە جەژنە پیرۆزەی دوای نەورۆزی من جەژنی ئازادی گەلە و سەرکەوتنی من، ئەمە پەیامی سەرەکی سروودەکە بوو، بەڵام ئەوەی کە دەبێ هونەر حەتمەن پەیامێکی هەبێ، مەرج نییە پەیامەکە سیاسی بێ، ڕەنگە پەیامەکە کۆمەڵایەتی بێ، لایەنی دڵداری هەیە، لایەنی عیرفانی هەیە، لایەنێکی تەنیا دەرخستنی جوگرافیا و ناساندنی شوێنێک بێ. لە سروودا تۆ پەیامەکەت بە ڕاشکاوی دەڵێی بێ ئیستیعارە و هێما. ئەم ڕاستگۆیی و ڕاشکاوبوونە هێندێک بەرپرسیارەتی دروست دەکا کە بۆ منیشی هەبووە. منیش پاساوم بۆ هێناوەتەوە و وتوومە ئەم سروودە بۆ نەورۆزە و نەورۆز شتێکی نەتەوایەتییە، دەتوانی بە قەناعەتیان بگەیەنی. لە ڕاستیدا سروود تەنیا بەرهەمی گۆرانیبێژە کە هیچ پێچوپەنایەکی تێدا نییە، کە سروود بۆ حزبێک دەڵێی، دیارە ئەو سروودە بۆ ئەو حزبەیە، کە سروود بۆ نەتەوەیەک دەڵێی، هیچ نەتەوەیەکی تر ناتوانێ بڵێ بۆ من وتراوە، کە سروود بۆ بۆنەیەک دەڵێی، هەر هی ئەو بۆنەیە. شتەکە دیارە و لێرەدا پابەندی گۆرانیبێژەکە دەردەخا، چەندە بڕوای بە نەتەوەکەی هەیە. ئەو پەیامەی لە سروودا دەیگەیەنی، دەبێ هەمیشە بمێنێ. بۆ ئەمساڵ نەبێ، ساڵێکی دیکەش هەر ئەو مەعنایەی هەبێ و هەتاهەتایە ئەو مەعنایەی لە دەست نەدا.

**ڕامان:** چۆن سەیری ئەو هونەرمەندانە دەکەی کە کاری سیاسی دەکەن و هونەر و سیاسەتیان تێکەڵ کردووە؟

**خەبات مەولوودی:** من پێم وایە سیاسەت و هونەر زۆر جیاوازن، بەڵام سیاسەت دەتوانێ هونەر بەکاربێنێ و هونەریش سیاسەت، بەڵام هونەرمەندێک کە سەر بە لایەنێکی سیاسییە، زیان بە خۆی دەگەیەنێ، چونکە هێندێک خۆشیان دەوێ و هێندێکی دیکە ڕەتی دەکەنەوە، بە هۆی ئەوەی سەر بە فلانە لایەنە. هونەرمەندمان هەیە کە پێویست ناکا ناوەکەی بڵێم، زەمانی شا لەگەڵ ساواک بووە، ئێستاش دەیبوغزێنن، ڕەنگە لەلایەنی هونەرییەوە زۆر خزمەتیشی کردبێ. ئەمە دەبێتە شتێکی ناشیرین و هەتاهەتایە بەدواوەی دەبێ، بۆیە من پێم وایە هونەرمەند دەبێ سەر بە هیچ لایەنێک نەبێ. دەسەڵات دەگۆڕێ، بەڵام نەتەوە هەر دەمێنێ. دەبێ هونەر بۆ نەتەوە بێ، نەک بۆ لایەنێکی ئەو نەتەوەیە، ئەگەر سەر بە لایەنێک بێ، ئەوە مەحکوومە بە نەمان، هونەر ئامرازێک نییە بۆ سیاسەت. بە داخەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا، تا بۆنەیەک نەبێ، تا کاتی هەڵبژاردن کۆنسێرت بۆ گۆرانیبێژ ناکەن، یان بۆنەیەکی حزبین، یان بۆ شین و ماتەم دەکرێن، بۆ ئەنفال و بۆ هەڵەبجە. ئەمە تەنیا لە کوردستان نییە، لە زۆر شوێنی دیکەش وایە. ئەمە دەگەڕێتەوە سەر نەفسیەتی هونەرمەند کە ئایا خۆی دەکاتە ئامرازێک لە دەست لایەنێکی سیاسیدا؟ بە داخەوە هونەرمەندی زۆر گەورەمان هەیە کە ئەمڕۆکە دەیتوانی ببێتە جەمسەرێک لە ناو مۆسیقای کوردیدا و بۆ خۆی بڕیار لەسەر هونەرەکەی خۆی بدا، بەڵام چونکە مۆرکی لایەنێکی پێوەدیارە، نەیتوانیوە بگاتە ئەم ئاستە. هونەر دەبێ ئازاد بێ و ئەگەر ئەو ئازادییە لە دەست بدا، دیارە هونەرێکی سەربەخۆ نییە، هونەرێکی ملکەچە، چاو لە دەستە. هونەرمەندێکە گوێڕایەڵی لایەنێکە، ئەگەر پێیان وت وەرە فلانە شوێن گۆرانی بڵێ، دەبێ حەتمەن بچێ و گۆرانی بڵێ. جا جەماوەر چ پێیان خۆش بێ و چ پێی ناخۆش بێ و چ لەسەری بکەوێ و چ لەسەری نەکەوێ دەبێ بیڵێ.

**ڕامان:** خەڵکێک هەیە هونەر دابەش دەکا بەسەر هونەری بەرز و نزم، تۆ ئەم دابەشکردنەت پێ ڕاستە؟

**خەبات مەولوودی:** هونەر هەر هونەرە، بەڵام هونەرمەندی بەرز و هونەرمەندی نزممان هەیە. کەسێک لەوانەیە تار و سێ تارێکی باش لێ بدا، بەڵام لە ڕووی مۆڕاڵییەوە کێشەی هەبێ، تۆ ناتوانی بەمە بڵێی نزمە و هونەرەکەی ڕەت بکەیتەوە. ئەوە پرەنسیپ و کەسایەتی هونەرمەندەکەیە کە تۆ ڕەتی دەکەیەوە نەک هونەرەکەی. هونەرەکەی لەجێی خۆیەتی، چونکە بە پێوانەی کەسایەتی هەڵیدەسەنگێنی، دەڵێی هونەرەکەشی هیچ نییە، ئەوە هونەرمەندە کە پارێزگاری لە هونەرەکەی دەکا.

**ڕامان:** کارمان بە لایەنی مۆڕاڵی نییە کە بەتایبەت لەسەر هونەرمەندە ژنەکان زیاتر قسەو باس دەکرێ. ئایا بە گشتی شتێک بە ناوی هونەری بەرز و نزم هەیە؟

**خەبات مەولوودی:** نیمانە. با نموونەیەکت بۆ بێنمەوە لە بوارەکەی خۆمدا کە ژەنینی مۆسیقایە، زۆر ژەنیاری گەورەمان هەیە کە زۆر پرۆفیشناڵ و شارەزان، زۆر

ژەنیـاری دیکەشـمـان هەن کـە زۆر شـارەزا نین، ئەمـانـە هەردووکـیـــان هونەرمــەندن، ئەوە دەگــەڕێتـــەوە ســەر کەسایەتیی هونەرمەندەکە و ڕوانگەی کۆمەڵگا. ڕەنگە لە ئەورووپا ئەو مەسـەلەیە نەبێ. زۆر هونەرمەند هەیە لە ئەوروپا کـە هەر خــەریکی ژن و مــەیخـواردنەوەن، یان هێموسێکسواڵە. کەس سەیری ئەم شتانەی ناکا، چونکە کۆمەڵگا ئەو شتەی بەلاوە ئاساییە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێــمــەدا، ئەم لایەنە زۆر بەرچاوە و دەبێ زۆر ئاگـاداری خــۆت بی. بەحــاڵ لاقت خــوار دانا تازە تەواوە و جــێی خۆت ناگریتەوە و هەمـوو کارەکانت دەخەنە تای تەرازوو. ئەم هونەری نزم و بەرزە لای ئێمە هەیە.

**ڕامان:** لە کوردستـانی باشوور دەڵێن هونەری میللی. بۆ نموونە فـلان کەس گـۆرانیبـێژێکی میـللییـە، ئایا ئەم میللی بوونە هونەرێکی نزمە؟

**خـەبات مـەولوودی:** من لەم شـتـە زۆر ناڕەحـەتم کـە هاتۆتە ناو هونەری گـۆرانی کـوردییـەوە.

کۆمەڵگا شـوێنێکە کە تۆ تێیدا پەروەردە بووی و دەنگ و هونەری تۆ ڕەنگدانەوەی بیروبڕوای ئەو کۆمەڵگایەیە بە باش و بە خراپەوە، کە لە کۆمەڵگا دابڕای، زۆربەی هونەرمەندە گەورەکانی دنیا لە گازینۆ و مــەیخــانەکــان و شــوێنەکــانی ڕابواردن ســــەریان هەڵداوە، لە ناو خـــەڵکەوە هەڵقولاون، نازانم ئەمە چییە لێرە کابرا لە پڕێکدا دەبێتە کورێک. من حـەز دەکـەم لە ناو خەڵکدا بم و سـەردانی ئەم لاو ئەولاش بکەم، ئەگــەر هونەری من لە خــزمــەت خەڵکدا نەبێ، گۆرانی بۆ کێ بڵێم. خەڵکی بێگانە گوێ لە گۆرانی من ناگرن، مەگەر بۆ خۆشی خۆیان و جارجارە. جەماوەری ڕاستەقینەی من ئەو کەسانەن کە لەگـەڵیـان دەژیم. دەبێ هونەرمــەند لە ناو خــەڵکدا بژی، لەگــەڵ ئازارەکــانیــاندا بێ. ئاســاییــە بچـێتــە چایخــانە و خواردنگەی ناو بازاڕ، چونکە هونەرمەندی عەیبە و نابێ بچییە ئەو شوێنانە، ئەمە هەڵەیە. جۆرە چاولێکەرییەک هەیە، خۆزگە وەک چۆن بۆ ئەم شـتـە هەڵانە چاولێکەری هەیە، بۆ شـتـە باشـەکـانیش هەبایە، ئەو هەمـوو فـیـز و ئیفادەیە بەسەر خەڵکی فەقیری کورددا دەفرۆشن. ڕاستە گۆرانیبێژێکی تورک کە دەچێتە بازاڕ بە دەیان کامێرای بە دواوەیە، لێرە وانییە. هیچ گۆرانیبێژێکی کورد حازر

نییـە کە پێی بڵێن دۆکـیـومێنتـێک لەسەر ژیانی خۆت دروست دەکـەین، چۆن دەخـەوی، چۆن دەژی، چۆن لەگـەڵ دایک و منداڵەکـانت هەڵسـوکـەوت دەکـەی؟ چونکە لە کلیـپـەکاندا بە قات و ڕیبـات و سـەیارەی دوا مۆدێلەوە دەرکەوتووە و لە ژیانی ئاساییدا کەسێکی ترە. بۆ ژیانی ڕاســتــەقــینەی خــۆت ناخــەیتــە بەرچاوی خــەڵــک. با خەڵکەکە بزانن هونەرمەند چۆن دەژی. ئەم هەمـوو درۆیە چییــە؟ دەبێ ســەرەتا لەگــەڵ خــۆت ڕاست بیت، دواتر لەگەڵ کۆمەڵگا. کاتێک ڕاستگۆ بوویت، ڕاستگۆیانەش گــۆرانی دەڵێی و خــەڵکیش دەزانن کــە تۆ ڕاســتگۆی. کـۆمـەڵێک کـەس زۆر گـەورە کراون کـە پێـویست ناکـا نێـویان بێنم کـە ئەمـە بەرهەمی هونەرەکـەیان نییــە. مــاوەیەک وەک شــیــر، یان بیــبــسی هەڵدەچن، ئەو بەرهەمـانەی کـە بڵاویشـیـان کـردووەتەوە، کـاریگـەریی عەرەب و فارس و تورکیان لەسەر بوو و ستایلی ناحەز و غەیرەکوردییان بڵاو کردووەتەوە.

**زۆربـەی ژەنیـــــارە باشـــەکـــان ڕوویان کــردووەتە گۆرانی، کــە دەنگیان تەنیا بە کەڵکی گۆرانی گوتن نایەت.**

**ڕامان:** چ ڕوانگەیەکت بۆ گـۆرانیـبـێژە ژنەکــان هەیە؟ ئایا توانیـــویانە خــۆیان بسەلمێنن؟

**خەبات مەولوودی:** ئافرەتی کورد لە زۆر باردا پشـتگوێ خراوە. مـەسـەلێکی کورد هەیە، دەڵێ مـەل بەباڵـێک نافـڕێ. ئەمـە لەسەر ئافرەتی کورد ڕاست نییە. زۆرجار بۆ خـۆیان بە باڵێکەوە فـڕیون. ئافـرەتی کـورد لە هەمـوو بوارەکاندا لەگەڵ پیاو هاوبەش بووە. بە چاوی خۆم دیومە ژن دروێنەی کــردووە، جــووتیــاری کــردووە، مــەڕداری کـــردووە، تۆ کـــە لە دایک دەبی بە لایەلایەی دایکت زاخـاوی مێـشک دەدرێ، کە کـەسـێک دەمـرێ، ژنەکـان شینی بۆ دەگێڕن و دەیلاوێننەوە، بەڵام ئەگەر بێین بەپێی ئەم تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنەی ئەمڕۆ سەیری کۆمەڵگای کـــوردی بکـەین و هەروەها لەگـــەڵ وڵاتـانی دراوسێ بەراوردی بکەین، گۆرانیبێژی بەرچاوی ئافرەتمان نییـە و ئەمـە جـێی داخـە. کـۆمـەڵگا دژایەتی دەکـا، ڕەنگە من ڕێگا بە خــوشکەکــەم نەدەم گــۆرانی بڵێ. هێـندێک ڕوانگەی هەڵەی کـۆمـەڵگا وادەکـا ئافـرەتی دەنگخـۆش دەرنەکــەون، ئافــرەتی زۆر دەنگخــۆشــمــان هەیە، نەک ئەوانەی ئێـسـتا گۆرانی دەڵێن. نەبوونی ئەو دەنگخۆشانە وای کـردووە کـە ئەمـانە ببنە سـوپەر سـتـار، زۆر کـەس

دەنگیان خۆشە، بەڵام دەنگیان بۆ گۆرانی کوردی نابێ، با بچن گـۆرانی ڕۆژئاوایی بڵـێن سـەرکـەوتووتر دەبن، چونکە دەنگیــان کــوردی نیــیــە. ئەم دەنگانە خــەڵک ناحـەسـێننەوە. ئەوەندە بایەخ بە ڕواڵەتیـان دەدەن، بە هونەرەکەیان نادەن، ئەوەندەی خەریکی سەروپرچیانن، بچن فێری مۆسیقا بن، باشترە. ئەمە تەواو دەبێ، بەڵام هونەر نا. لە کۆندا، ئایشێ شان و مریەم خانمان هەیە، ئێستاش فاتێ دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە. بیری چەوتی کـۆمـەڵگا ڕێگا بە دەرکـەوتنی ژن نادا و وادەکـا ڕۆڵی ئافرەت لاواز بێ. گرووپێکی موزیک نابینی کە چوار، یان پێنج ئافـرەتی تێـدا بێ. بە بەراورد لەگـەڵ وڵاتانی دراوسێ گۆرانیبـێـژی باشی ئافرەتمان نییـە. ئەمانەی کە هەن هەموویان لە چوارچێوەی کوردستاندان و لە دەرەوەی کوردستان دەرباز نەبوون کە کەسێکی غەیرەکورد گوێ لە دەنگیان بگرێ وەک ئوم کەلسووم، یان لە تورکیا سبیل جان و ئیبرۆ گوندیش و...تاد ئایا کەسێکی تورک گوێ لە گۆرانی ئافرەتی ئێمە دەگرێ؟ تا ئێستا نەمبینیوە، ئەمەش بۆ لاوازی بەرهەمەکانیان دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** ئێستا خەڵکێکی زۆر لە بواری گۆرانیدا کار دەکـەن، کـە گــوێیــان لێ دەگری، دەنگی نیــیــە، بەڵام چەندین ئەلبـوم و کلیـپی هەیە، ئەمـانە بە مـیکسـەر و کۆمپیوتەر دەسکاری دەنگی خۆیان دەکەن، ئەو دیاردەیە چۆن دەبینی و ئەم کـەسـانە چەندە سـەرکـەوتوو دەبن لە ئیشەکانیاندا؟ ئایا ئەمە خزمەتە بە هونەر؟

**خەبات مەولوودی:** ئەو مـەسـەلەیەی باسی دەکەی لە ناو تورک و فـارس و عـەرەب و ئەورووپاشـدا هەیە. ئەم تەکنۆلۆژیایە، ڕەنگە لە هێندێک بواردا زۆر مـەترسـیدار بێ، بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، شـتێکی باشـە. چۆن ئەم مەسەلەیە دەردەکەوێ. ئێسـتاکە لە ناو کوردستانی باشـوور کە پارچەکـانی تر وەک قـیبلە چاوی لێ دەکەن، پرۆگرامێکی زیندووی تەلەڤزیۆنی نییە کە دەربکەوێ کێ دەنگی دەسکاری کراوە و کێ دەنگی خۆیەتی. ئەوانەی دەسکاری کـراون، دیارن. کـەناڵەکـان بەرنامـەی مـوزیک شۆیان داناوە و بێژەرەکە دەڵێ بەرنامەکە بە سپۆنسـەری فــڵانە شــوێن و فــڵانە شــوێن بەڕێوە دەچێ و سی دی گۆرانیبێژەکەش دادەنێن و چەند کەسێکیش وەک بەشدار بوو، دەعــوەت دەکــرێن و لە ســتــۆدیۆ دادەنیــشـن و گـۆرانیـیـەکـانی سی دی کـە بە شێـوەی پلایبـاک بڵاو دەکرێنەوە. نەبوونی بەرنامـەیەکی زیندووی تەلەڤـزیۆنی ئەم کـێـشـانەی دروست کـردووە و دیار نیـیـە کێ لایڤ خوێنە و کێ سـتـۆدیۆییـە. نەبوونی بەرنامـەی زیندوو و بایەخ نەدان بە گۆرانی و مۆسیقا، بۆتە هۆکارێک کە هەر کەس بە کەیفی خۆی گۆرانی بڵێ و لێپرسینەوە نییە. کە بەرنامـەی زیندوو هەبێ ئەو گـۆرانیـبـێـژەی لە سـتـۆدیۆ دەنگی خــۆی گــۆڕیوە و سی دی-یەکی جــوانی بڵاو کـردۆتەوە، دەعـوەت دەکـرێ و لەوێدا دەردەکـەوێ بایی چەندە، کـە بەرنامــەی زیندوو نەبێ، بە کـەیفی خـۆیان دەسکاری دەنگی خـۆیان دەکـەن و دەیکەن بە قــوڕگی خەڵکدا.

**ڕامان:** لەو بیروڕایانەتاندا دوو پرسیـارمـان بۆ دێنە پێش، هونەری ڕەسەن بە چی دەڵێن؟ پێمان باشە لەسەر ئەوەش باسـێکمـان بۆ بکەیت.. پرسـیـاری دووەمـیش ئەوەیە ئایا ئێمە ڕەخنەی هونەریمان هەیە؟ ئایا ڕەخنەگری هونەریمان هەیە کە بە شێوەیەکی جددی باسی ئەوە بکەن کە فلان کەس لە بواری دەنگ، یان لە بواری مۆسیقادا کـێـشــەی هەیە؟ ئەمــە شی بکاتەوە و لایەنە باش و خراپەکان هەڵسەنگێنێ؟

**خەبات مەولوودی:** با هەنگاو بە هەنگاو بڕۆینە پێش. ڕەسـەنایەتی لە هونەردا، دەگـەڕێتـەوە بۆ نەمری. من بە بەرهەمـێک دەڵێم بەرهەمـێکی ڕەسەن کـە چەند نەوەش دوای ئەو گـۆرانیـبـێـژە، گـوێ بۆ گـۆرانیـیـەکـانی بگرن. نەمری گۆرانییەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گۆرانییە هەڵقولاوی حەز و ویست و ناخی کۆمەڵگا بێ. لە سەدا نەوەدی ئەو گۆرانییانەی ئێستاکە دەگوترێن، زۆڵن، یانی هەڵقولاوی کۆمەڵگای ئێمە نین. بە ناوی داهێنانەوە زۆر شت هاتۆتە ناو مۆسـیـقـای کـوردییـەوە کە فـریان بەسـەر کوردەوە نییە و تامی کوردییان نییە. هەر کە گوێی لێ دەگری هاوار دەکا و پێت دەڵێ ئەم میلۆدییە هیندییە و تیژایی بیبەری هیندیشی پێوە دیارە، یان ئەم میلۆدییە دیارە یۆنانییە، تورکییە، بەڵام بە زۆر خستوویانەتە ناو چوارچێـوەی شیـعـر و گـۆرانی کوردییـەوە، بە بیـانووی ئەوەی گـەنجی ئەمڕۆ پێی خۆشـە. گـەنجی ئەمڕۆ بۆ پێی خۆشـە؟ بەرهەمی چاکی گـوێ لێ نابێ، ناچارە پەنا بۆ ئەمە ببا. ئەوانەی دیکەش ئەوەندە وشکن و لە پاشن کە بەرهەمـەکـانیـان بیسـەری نییـە. حاڵەتێکی (افراط و تفـریط) هەیە، یان هێندێکیـان ئەوەندە دەگـەڕێنە دواوە

دێن شەدەیەکی گەورە لەسەر دەکەن و تەسبیحێکی گەورە دەگرنە دەست و بە پشتێن و خەنجەرەوە گۆرانی دەڵێن. ئێستاش کۆمەڵی کوردەواری تەحەمولی جاز و ڕۆک ناکا. ڕاستە پێشوازی لێ دەکەن، بەڵام کاتییە و لە ئاستی ئەوەدا نییە کە بمێنێتەوە. ڕەسەنایەتی لە دیدی منەوە ئەوە نییە کە بە جلی کوردییەوە گۆرانی بڵێی، ڕەسەنایەتی بە ناوەڕۆکە. تۆ دەروویەک بی بۆ هەڵبڕینی ویست و داخوازی و ئارەزووەکانی خەڵک. ئینسان کاتێک بە ویست و حەزەکانی ناگا، پەنا دەباتە بەر خەیاڵ، خەیاڵی ناو گۆرانی کوردی، هی هەموو کوردە. گەنجێک لە ڕوانگەی خۆیەوە و کابرایەکی بەتەمەنیش لە ڕوانگەی خۆیەوە. گۆرانییەک ئەگەر تەداعی ڕابردوو نەکا، یان شتێکی تێدا نەبێ بۆ داهاتوو، ڕەسەنایەتی نییە و تەمەنی کورتە. ڕەسەنایەتی بە حەیران گوتن و مەقام گوتن نییە، یان ئەوە نییە کە تەنیا مەقام بڵێم، یان تەنیا گۆرانی هەڵپەڕکێ بڵێم و مەقام نەڵێم. ڕەسەنایەتی پێناسە نەکراوە کە بڵێی ئەم ستایلە ڕەسەنە. ڕەسەنایەتی بە مانەوەیە، بە نەمرییە، من بەوە دەڵێم ڕەسەن، بەوە دەڵێم زیندوو، بەوە دەڵێم هونەری نەتەوەیەک. سەبارەت بە ڕەخنەی هونەری، من ئێستا ئەلبوومێکم داوەتەدەرێ بە ناوی وەرزی دووری، لە ٢٠٠٦ەوە ئەوە یەکەم بەرهەمی تۆمارکراوی منە، کە یازدە تراکە و هەر تراکەی بە ستایلێکی جیاواز وتراوە، مەقامی تێدایە، حەیرانی تێدایە، گۆرانی سۆلۆی تێدایە، ڕیتمی خێرای تێدایە، هەر گۆرانییەک بە ستایل و فۆرمێک داڕێژراوە. هەوڵم داوە جۆراوجۆر بێ و حەز دەکەم هێندێک کەس جورئەتی ئەوەی هەبێ ڕەخنەی لێ بگرێ، نامەوێ ستایشم بکا، یان زەمم بکا. ڕەخنە پێویستە و تا ڕەخنە نەبێ نازانم لە کوێ کەم کاریم کردووە، یان لە کوێدا هەنگاوی باشم هەڵگرتووە کە لە بەرهەمی نوێدا ڕەچاویان بکەم و کەڵکی پێویستی لێ وەربگرم، ڕەنگە من بە بۆچوونی خۆم ویستبێتم خزمەتێک بکەم، بەڵام کارەکەم لە داهاتوودا زیان بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی بگەیەنێ، ڕەنگە پەیامەکەی ئەو ئەلبوومەی من، بیستساڵی تر لێی حاڵی بن، ئەمانە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر بیر و هزری ڕەخنەگری کورد. بە داخەوە لە ناو کورددا، تەنیا ستایشکارمان هەیە کە تەنیا ستایش دەکەن. پرۆگرامێکی زیندووی گۆرانی بکە هەموو دەڵێن دەستت خۆش بێ، تۆ بە ڕاستی مامۆستایەکی گەورەی. کوڕە وەڵڵا نە دەستی خۆش بێ و نە مامۆستای گەورەشە، ئەم هەموو ستایش و پێداهەڵگوتنە بەسە، دەبێ هەڵەکان ئاشکرا بکرێن. من بە ڕاستی چاوەڕوانی ئەوە دەکەم کۆمەڵێک کەس لەسەر سی دی یەکەم بنووسن، بەڵام شتی لەخۆوە نەنووسن. بڵێن ئەم گۆرانییە شیعرەکەی جوان بوو، بەڵام مۆسیقاکەی، یان ڕیکۆردەکەی لاوازە بوو، یان بریا ئەو سۆڵەیە بە فلان ئامێر لێ بدرایە نەک بەو ئامێرە. بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستان هێندێک بتیان دروست کردووە کە کەس ڕەخنە ناگرێ. من کەم چاوپێکەوتن دەکەم و حەز دەکەم قسەکانم وەک خۆی بڵاو بکرێنەوە و هیچی لێ لا نەدەن بە بیانووی ئەوەی تووشی کێشە نەبن، ئەگەر کێشە و موناقشەیەک نەبێ، چۆن پێشکەوتن دەبینی. چۆن ئاگاداری ئەوە دەبێتەوە کە کاری هەڵەی کردووە، زۆر گۆرانی گوێ دەگرم کە تێکستەکەیان هەڵەیە، کێش و قافیەی نییە. بۆ نموونە گۆرانی محەمەدی مامڵێ بە هەڵە دەڵێنەوە و دەیکەنە قەتار و پەنجا دەقە یەک گۆرانی دەڵێن، ئەمە چ مودێلێکە. تەنیا تایتڵی گۆرانییەکە دە دەقە دەخایەنێ، سەیری تورک و فارسەکان بکە، بە بیست گۆرانیبێژ یەک گۆرانی دەڵێن و هەر کەسەی بەپێی توانایی خۆی دەوڵەمەندتری دەکا. چۆن ڕێگا بە خۆت دەدەی پەنجا گۆرانی بیکەیە گۆرانییەک؟ ئەگەر کلیپە، کلیپ سێ تا چوار دەقەیە، ئەگەر پێتوایە مافی خۆتە، ئەو مافەت نییە کە لە هەر گۆرانییەک کۆپلەیەک بڵێی و بیکەیتە یەک گۆرانی، ئەمە سووکایەتی کردنە بە کولتووری نەتەوەیەک، ئەمە ستایلێکی زۆر ناشیرینە و من زۆر پێی نارەحەتم. ئەو مافی ئەوەی نییە ئەو گۆرانییە بڵێتەوە، بەڵام چونکە شوێنێک نییە بۆ لێپرسینەوە، لەتێک لە گۆرانییەکی عەلی مەردان دەڵێ، لەتێکی تر لە گۆرانیبێژێکی تر.

**ڕامان:** ئایا بە درێژایی ئەو ماوەیەی کارت کردووە، کەس ڕەخنەی لێ گرتووی؟ ڕەخنەی زانستی نەک مەدح و زەم؟

**خەبات مەولوودی:** نا بەداخەوە، حەز دەکەم، کاتێک موناقەسەشت بکەن، تەنانەت ئەگەر دژایەتیشیت بکەن، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تۆ هەی، بەڵگەیە بۆ گرنگبوونی

هونەر، خۆزگە عەقڵ و مێشکی میللەتی کورد، هونەرمەندی کورد و جەماوەر بە پێچەوانەی ئەو شتەی ئێستا هەڵسوکەوتیان کردبایە. با بۆ ئەو شتانە هەوڵ بدەین کە دەیانەوێ نەک بۆ ئەو شتانەی نایانەوێ. نایانەوێ فلان کەس و فلان کەس لە گۆڕەپاندا بن، نایانەوێ مۆسیقای کوردی بە ئاقارێکی خراپدا بڕوا، دەبێ بۆ ئەو شتانە هەوڵ بدەین کە نیمانە. کە دەتەوێ مۆسیقای کوردی پێش بکەوێ، وەرەوە مافی هونەرمەند بپارێزە، وەک چۆن لیژنە خۆی دەکا بە ڕیستۆرانت و دووکان و بازاڕدا، با چوار جاریش بچێتە ناو سی دی فرۆشەکان و پێیان بڵێن بابە فلان هونەرمەندە پشتی شکاوە تا ئەو ئەلبوومەی بلاو کردۆتەوە، تۆ بە چ حەقێک کۆپی دەکەی؟ تۆ بە چ حەقێک MP3 لە ئەلبوومی من دروست دەکەی و سێ ئەلبوومی من دەخەیە فلاشێکەوە بە هەزار دینار؟. با باسی ئەو شتانە بکەین کە دەمانەوێ.

**ڕامان:** لە ناو گۆرانیبێژە کوردەکاندا، کامیان زۆر کاریگەری لەسەرت هەبووە. ئەوانەی ڕابردوو و ئەوانەی ئێستا؟

**خەبات مەولوودی:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دژوارە، ئەوانەی ڕابردوو کە قوتابخانەی گۆرانی کوردین، هەموویان کاریگەرییان لەسەرم هەبووە، وەک مامۆستایان حەسەن زیرەک، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، ساڵح دیلان، محەمەدی ماملێ. مێشکم بەو گۆرانیبێژانە زاخاو دراوە، لە مەقاماتیش، مامە سێوە. یەکەم ئەلبوومی خۆمم بە ناوی مەقامی گوڵێی مامەسێوە ناو نا گوڵێ و کاوێس ئاغا بەو چریکەی جوانەی. یەکەم گۆرانیبێژ کە زۆر کاریگەری لەسەر هەبووە و دەسپێکی گۆرانیبێژی من بوو، محەمەدی ناهید بوو. ئێستاش هەر حەزم لە گۆرانییەکانیەتی و بیرەوەری خۆشم لێیان هەیە. مامۆستا تاهیر تۆفیق و عەلی مەردان دوو قوتابخانەی جیاوازی مەقاماتی کوردین، هەردووکیان کاریگەرییان لەسەرم هەبووە. مەقاماتی ناوچەی گەرمیان لە عەلی مەردان و حسێن عەلی، سەلاح داودە، شوکر خەیات فێر بووم. کە شوکر خەیات بە خۆشییەوە ئێستا لە ژیاندا ماوە و کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە و وەک مامۆستا سەلاح داودە کە تا نەمرد، کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە. هەموو تاکێکی کورد کاریگەریی ئەم هونەرمەندانەی لەسەرە کە گوێت لە گۆرانییەکانیان دەبێ، مێشکت دەحەسێتەوە. ناتوانم کەسێک دیاری بکەم کە بڵێم کاریگەریی سەدا سەدی هەبووە.

**ڕامان:** لاساییکردنەوە چۆن دەبینی؟

**خەبات مەولوودی:** لاساییکردنەوە قۆناغێکە کە پێویستە بۆ هەموو گۆرانیبێژێک. هەموو گۆرانیبێژێک بە لاساییکردنەوە دەست پێ دەکا، بەڵام بڕوام بەوە نییە کە تاسەر دەبێ لاسایی بکاتەوە، ئەگەر کەسێک بە لاساییکردنەوە دەست پێ نەکا، مەحاڵە دەسپێکێکی باشی هەبێ. لاساییکردنەوە قۆناغێکە بۆ دەسپێک، بەڵام دەبێ وەک سەرچاوەیەک کەڵکی لێ وەربگری و خۆتی تێدا بدۆزییەوە، کاتێک من گۆرانی هونەرمەندێکی تر دەڵێمەوە، بە هەست و تۆنی دەنگی خۆم دەیڵێمەوە. پێویست ناکا خۆت بێنییە حاڵی جاو و دەنگت کتومت بکەیتە دەنگی ئەو کەسە، دەنگی حەسەن زیرەک لەگەڵ ئەوەی کە دەنگێکی ڕەسەنە، بەڵام خەدشەداریشە، لەگەڵ ئەوەی جوانی خۆی هەیە. پێویست ناکا من لە خۆم بنووسم و دەنگی خۆم وەک ئەو لێ بکەم. حەسەن زیرەک بە باشترین گرووپ و ئۆرکێسترا گۆرانی وتووە. موجتەبا میرزادە و ڕادیۆی کرماشان و تارانی لە پشت بووە، تۆ کە گۆرانییەکی حەسەن زیرەک دەڵێیەوە، بە کیبۆردێک و لە خۆت دەنووسی، هەڵەیە. وەک ڕێزگرتن و بۆ یادکردنەوە، یان بۆ خۆشی بێ، قەیناکا بیڵێیەوە. کەس ناتوانێ ئەو گۆرانییانە وەک خۆی بڵێتەوە، ئەو موجتەبا میرزادەی لە پشت بووە کە کەڵەپیاوی مۆسیقای کوردییە، سەیری ئەو گۆرانییانەی حەسەن زیرەک بکە کە لە ڕادیۆی بەغدا گوتوونی و سەیری ئەو گۆرانییانە بکە کە لە ڕادیۆی تاران گوتوونی، هەر دووکیشیان هەر حەسەن زیرەکن، ئەمە کاریگەریی مۆزیسیەن دەردەخا. بەداخەوە خەڵکی ئێمە تەنیا گۆرانیبێژ دەناسن، لە حاڵێکدا لە پشت هەر گۆرانیبێژێکەوە کۆمەڵێک موزیسیەن هەن کە نادیارن و لە کولتووری ئێمەدا بوون بە سەربازی ون. موجتەبا میرزادە گەورەترین کاریگەریی لەسەر حەسەن زیرەک هەبووە، ڕەنگە ئەگەر حەسەن زیرەک موجتەبا میرزادەی لە پشت نەبایە، گۆرانییەکانی ئەوتاموچێژەی ئێستایان نەدەبوو. لە ناو کورددا جێگەی موزیسیەن و دابەشکار و ڕێبەری ئۆرکێسترا دیار نییە، بۆیە زۆربەی

موزیسیەنەکان ڕوویان کردۆتە گۆرانی. هیچ موزیسیەنێک نییە کە شارەزایی لە گۆرانی گوتندا نەبێ. حسێن عەلیزادە لە ئێران کە تار لێ دەدا، قەت نایە گۆرانی بڵێ. ئەو تەنیا تار لێ دەدا. کەیهانی کەڵهوڕ گۆرانی ناڵێ و ئەگەر بڵێ، بۆ خۆشی خۆی دەیڵێ. ئەوانە ژیانی خۆیان بۆ موزیک تەرخان کردووە، بەڵام لە ناو کورددا، بەتایبەت لە باشوور زۆربەی ژەنیارە باشەکان ڕوویان کردووەتە گۆرانی کە دەنگیان هەر بە کەڵکی گۆرانی گوتن نایە، خۆزگە من خۆم لە ناو ژەنیندا بدیبایەوە، قەت گۆرانیم نەدەگوت. بەڕاستی بێزرام لەو ڕەوشە.

**ڕامان:** ئەو موزیسیەنانە پێیانوایە حەقیان دەخورێ؟

**خەبات مەولوودی:** ڕاستە. مافی مۆسیقاژەن لە ناو میللەتی کورددا خوراوە، لە ئەلبوومە نوێیەکەی مندا، دلێر حسێن کە بەش بە حاڵی خۆم شانازی پێوە دەکەم و یەکێکە لە هونەرمەندە گەورەکانی کورد، زۆربەی ئیشەکان ئەو کردوویەتی، بەڵام کەس نازانێ. بەداخەوە لە ناو کورددا هەر کەس دوو گۆرانی وت، لووت لە حەوایە دەکا و دەڵێی لە لووتی فیل بەر بۆتەوە. بەو جۆرەی گۆرانیبێژ دیارە، مۆسیقاژەن دیار نییە، بۆیە هەموو هەوڵی ئەوەیانە گۆرانی بڵێن، لە حاڵێکدا هەر کەس بە ئامێر و سازی خۆی جوانتر دەردەکەوێ.

**ڕامان:** باسی هونەرمەندە کوردەکانمان کرد کە چ کاریگەرییەکیان هەبووە لەسەرت، ئەی لە نەتەوەکانی تر وەک فارس و تورک و عەرەب کێ کاریگەری لەسەرت هەبووە؟

**خەبات مەولوودی:** من لەهەر باخچەیەکدا گوڵێکم لێچنیوە. مەحاڵە هەر شتێکی جوانم بینیبێ و شتێکم لێ وەرنەگرتبێ، تەنانەت ئەگەر تەمەنیشی کەم بووبێ. هەر پارچەیەکی کوردستان کەوتۆتە ژێر کاریگەریی نەتەوەیەکەوە، ئێمەش لە ڕۆژهەڵات چونکە لە فارسەوە نزیکین، لە ژێرکاریگەری ئەواندایین و پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ، کولتوورێکی دەوڵەمەندیان هەیە، ڕەنگە هێندێک کەس بڵێن ئەمە ئێرانچێتی دەکا. تا ئێوارە هەڵبەزن و دابەزن، کولتووری ئێران، کولتوورێکی دەوڵەمەندە، کەسانێکی وەک ڕوحوڵڵا خاڵقی، فراهانی و ئەبولحەسەنی سەبا، کولۆنێل عەلی نەقی وەزیری و دەروێش خان، عەبدولڵقادری مەراغەیی. بە لێشاو هونەرمەندیان هەیە. کەسانێکی گەورە هاتوون ڕەدیفی مۆسیقای فارسیان داناوە، کە کەسێکی وەک شەجەریانی لێ پەروەردە بووە. بەپێی ئەم نزیکایەتییە، بمانەوێ و نەمانەوێ کاریگەریی ئەوانمان لەسەر بووە، ئەم کاریگەرییە، کاریگەرییەکی خراپ نییە، ئێمەش کاریگەریمان لەسەر ئەوان هەبووە. زۆر گۆرانی عەلی ڕەزا ئیفتیخاری میلۆدییەکەیان کوردییە. (ای گل ناز من) لەسەر ڕیتمی سەوزەڵێ و سەوزەڵێی کوردی دانراوە، کە ئاماژەشی پێ کردووە لە میلۆدی کوردی وەرگرتووە و چ خۆشە بۆ من کە کابرایەکی فارس گۆرانییەکی کوردی دەڵێتەوە و ئاماژەی پێ کردووە کە ئەم گۆرانییە، بەڕەچەڵەک کوردییە.

**ڕامان:** تۆ گۆرانی ئاوات هەبووە؟ واتە لە فارست وەرگرتبێ؟

**خەبات مەولوودی:** نەمبووە، بەڵام زۆربەی گۆرانیبێژەکان ئێستا کاریان دۆبلاجی گۆرانی فارسییە و ئەلبوومیش بڵاو دەکەنەوە. گۆرانی موعین و مەهەستی دەڵێنەوە. ئەوان تەرجوومەی وشە بە وشەیان نەکردووە و ناڵێ (سبزە جان سبزەجان) ئاوازەکە کوردییە، بەڵام شیعرەکە فارسییە. تێکستەکەی ڕوحی کوردی تێدا نییە. کوردەکانی کوردستانی باکوور، کاریگەریی تورکیایان لەسەرە، ئەوان لەڕێی گۆرانییەوە توانییان شوناسی خۆیان بپارێزن. تورک کاریگەریی باشی هەبووە و ئاستی زانستی مۆسیقایان بەرز بۆتەوە. لەوبەر ژەنیاری خراپ نابینی و ئەکادیمیترن. میللەتی کورد ئێستاش میتودێکی زانستی نییە بۆ فێربوون و نوێکردنەوەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان وەک بەیت و حەیران، لاوک، گۆرانی. هەر کەسە و بە کەیفی خۆی ئەسپی خۆی تاو دەدا، ئەمەش هۆکارەکەی نەبوونی بنەمایەکی سەرەکییە. کاتێک گەنجێکی کورد دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، یان مۆسیقای کلاسیک دەخوێنێ، یان مۆسیقای شەرقی، کە مۆسیقای کلاسیک و شەرقی دەخوێنێ کتێبەکان دیارن و تەواویان دەکا، بەڵام مۆسیقای کوردی ناخوێنن، چونکە سەرچاوەی نییە و ئەگەر هەشبێ، زۆر کەمە. چوار گۆرانی بکرێتە نۆتە و بخوێنرێ، دەرمانی ئەو کارەساتە نییە، ئەمە کاری من نییە. من زۆر خۆم ماندوو بکەم دەگەمە ئاستێک کە بە شێوەی پرۆفیشناڵ گۆرانی بڵێم و هیچی تر. دانانی

کـتێب لەم بوارەدا کاری من نییە. کۆکردنەوەی فۆلکلۆریش هەر کاری من نەبوو، بەڵام خەمێک بوو لەسەر شانم. ئەوەی لە تواناییمدا بێ کردوومە، ڕەنگە ئێستا پێ نەزانن، بەڵام لە داهاتوودا دەزانن. هەموو نەتەوەیەک کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بەڵام کاریگەریی خراپ و باشمان هەیە، باشەکەی ئەوەیە کە تۆ بێی کولتووری خۆتی پێ دەوڵەمەند بکەی و خراپییەکەشی ئەوەیە کە کولتووری خۆت وەلابنێی و بە کولتووری ئەوەوە بنووسێی و کولتووری خۆت لە بیر بکەی و پێت وابێ ئەمەیان ڕاستە.

**ڕامان:** پێم خۆشە لەسەر گۆرانیبێژە ئافرەتەکان زیاتر بدوێی. ئایا ئێمە تووشی ئەو تەنگژە بووین کە هیچ ئافرەتێکمان نەبێ لە گۆڕەپانەکەدا، یان تەنیا لەیلا فەریقی و چەند ئافرەتێکی ترمان هەیە؟

**خەبات مەولوودی:** ئەگەر گۆرانیبێژە ئافرەتەکان هەڵسەنگێنم، ڕەنگە کەم لوتفیان لەگەڵ بکەم، حەز ناکەم بە بەزەیییەوە سەیریان بکەم و بڵێم مافیان هەیە. هێندێک کەس هەن کە تەنیا خۆیان دەردەخەن و خەریکی مکیاج و جلوبەرگی سەیروسەمەرەن، هێندێک کەسی تر هەن کە ئیش دەکەن و ئیشەکانیشان جوانن. ئەو گەنجانەی ئێستا گۆرانیبێژی زۆر چاکیان تێدایە، ڕەنگە بتوانم ئاماژە بە هێندێک کەس بکەم، بەڵام چاوەڕوانی من لەوە زیاترە و دەبێ ئاستی هونەری خۆیان بەرزتر بکەنەوە. پێویستە زۆر بوێرانەتر گۆرانی بڵێن، نابێ بیر لەوە بکەنەوە کە چونکە فڵان کەس ڕیکلامی بۆ فڵانە کۆمپانیا کردووە، کارێکی خراپی کردووە. نەبوونی هێندێک کەس لە گۆڕەپانەکەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە هێندێکیان زیاد لە پێویست بەرز بکرێنەوە، مونافەسەش لە نێوانیاندا هەیە. فڵان کەس فڵان گۆرانیبێژ ساپۆرت دەکا و لە داخی ئەوان فڵان کەسێکی تر فڵانی گۆرانیبێژیان ساپۆرت دەکا. خۆیان نەکەنە ئامرازێک لە دەست کۆمپانیاکان. بەتایبەت ئەوان کە زیاتر چاوی ڕەخنەی کۆمەڵگایان لەسەرە. من چاوەڕوانی ئەوەم هەیە لێیان کە ژیرانەتر هەڵسوکەوت بکەن. ڕاستە پێویستیان بە پشتگیری کۆمپانیاکان هەیە کە ببنە سپۆنسەر، بەڵام ئەو مافە بە کۆمپانیاکە نەدەن کە بیانکاتە ئامرازی دەستی خۆیان. هەر چییان پێخۆش بێ پێیان بڵێن، یان هەر لەقەتەیەکیان پێ خۆش بوو بۆ ڕیکلام بۆیان بکەن. ئەوە شەرمە بۆ گۆرانیبێژی کورد کە ڕیکلام بۆ برنج و ڕۆن و پیازی سوورکراوە بکا.

**ڕامان:** کۆنسێرت بۆ گۆرانیبێژ چۆنە؟ ئایا شتێکی باشە؟ ئەگەر باشە بۆ بایەخیان پێ نەداوە؟

**خەبات مەولوودی:** بە داخەوە من تا ئێستا لە کوردستانی باشوور کۆنسێرتم نەبووە، لە ئێران کۆنسێرتی باشم کردووە. لە تالاری وەحدەتی تاران کە باشترین هۆڵە لە ئێران، چەند کۆنسێرتێکم هەبووە کە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی مۆسیقای ئێران لەوێ بوون، بەتایبەت لە چوارەمین فیستیڤاڵی (نواحی ایران) کە کەسی یەکەم بووم و بوومە ئەستێرەی فیستیڤاڵەکە، لە فیستیڤاڵی فەجر کە بۆ ساڵی داهاتوو بەڕێوە چوو، تاکە گرووپی کوردی کە بەرنامەی هەبوو، ئێمە بووین. لە ئەرسباران و تالاری ڕوودەکی و (خانە هنرمندان)یش بەرنامەم هەبووە، گوێ بۆ مۆسیقا ڕادەگرن، لە کاتی پێویستدا، چەپڵە لێ دەدەن. لە کاتی پێویستدا بێ دەنگی دەپارێزن، تۆ هەم چێژ لە کارەکەی خۆت و هەم چێژ لە بەشداران وەردەگری. پارەی بلیتیش دەدا و چەپکە گوڵێکیش لەگەڵ خۆی دێنێ. کۆنسێرت لە کوردستان چۆن بەڕێوە دەچێ؟ بە هاژە و هاتوهاوار و قیڕەی مایک و مایکرۆفۆن و زیقەزیق دەست پێ دەکا، هیچ ئامادەکارییەکی باشی بۆ نەکراوە. لێڤڵی دەنگەکان دیاری نەکراوە. ئێمە کە لە ئێران کۆنسێرتمان دەکرد، دوو ڕۆژ پێشتر دەچووینە هۆڵەکە و شوێنی مایکەکان دیاری کرابوو، پێیان دەگوتی کە دەبێ چەندە مەودا لەگەڵ مایکەکە هەبێ، چۆن جووڵە بکەی، هەموو شتێک ئامادە کرابوو. دوو کامێرای لێ بوو و پێیان دەگوتی دەبێ لەگەڵ کام کامێرا بی، تەنانەت دەرهێنەریشی لێ بوو کە وێنەی دەگرت. کۆنسێرتێک دەکرێ و دەنووسن لە ژێر چاودێری فڵان کەس و فڵان کەس کە هەموویان کەسی زەبەلاح و گەورەن، دیار نییە ئەو کەسەی کۆنسێرتەکە دەکا کێیە. من بە ڕاستی ڕقم لەم کولتوورە ناحەزەیە کە دەڵێن هاتن بۆ هەمووانە، بۆ دەبێ هاتن بۆ هەمووان بێ؟ بۆ ئەو کەسانەی ڕێز بۆ هونەر دانانێن دەیکەنە فیقەفیق و چەپڵەلێدان. ئەمساڵ هەولێر کرا بە پایتەختی گەشتیاری، ناشیرینترین شت بۆ هەولێر و کوردستانی باشوور ئەوە بوو ئێرانییەک کە سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارەی ئابووری و گوشاری ڕوحی و دەروونی هاتۆتە

ئێره بۆ کۆنسێرت، کۆنسێرتەکە شێوا. هەموو میدیا گرینگەکانی ئێرانی لەوێ بوون و باسیان کرد، عەیب بوو کە وتیان هاتن بۆ هەمووانە، شەوەکەی دواتر تەنیا ڕێگایان بەو کەسانە دا کە پاسپۆرتی ئێرانیان هەبوو. بۆ لە کوردستان کۆنسێرت ناکەم؟ چونکە کۆنسێرتەکە هی خۆت نییە، ئازاد نیت. دەبێ حەتمەن شوێنێک پشتگیریت بکا. قەیناکا با بلیتەکەت بە پەنجا دۆلار بفرۆشرێ، ئەوکات دەردەکەوێ کێ جەماوەری هەیە، ئەو کەسەی بۆ کۆنسێرت دێ، یان هاتوهاوار دەکا، یان هەڵدەپەڕێ. هەڵپەڕکێ بەشێکە لە گۆرانی، بەڵام گۆرانی ئێمە هەمووی هەڵپەڕکێ نییە، مۆسیقا تەنیا بۆ هەڵپەڕکێ نییە، مۆسیقای حەماسیشیمان هەیە، مۆسیقای ئایینیش هەیە، مۆسیقای مەجلیسیش هەیە. لەم پارچەیە تەنیا بایەخ بە هەڵبەزدابەز دەدەن، عەیبە تەواوی کولتووری ئێمە ببێتە هەڵپەڕکێ. من حەز دەکەم کۆنسێرت بکەم، خەڵکیش بێ، لە کۆنسێرتدا دەردەکەوێ کە تۆ بایی چەندی. ئایا ئەو تواناییەت هەیە وەک چۆن لە ستۆدیۆ گۆرانی دەڵێی لە بەرنامەی ڕاستەوخۆشدا گۆرانی بڵێی؟ لەوێدا دەنگی ڕاستەقینەی خۆت دەردەکەوێ. ئەگەر تا ئێستا کۆنسێرتم نەکردووە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو بوارەم بۆ نەڕەخساوە تا هونەری خۆم پێشکەش بکەم، من دژ بە کۆنسێرت نیم.

**ڕامان:** ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندن و گەشەی هونەرمەندا چۆن دەبینی؟

**خەبات مەولوودی:** دەکرا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو و کاریگەریان بۆ پێشکەوتنی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەبێ، نەک هەر لایەنی مۆسیقا و گۆرانی، بەڵام نازانم ئایا ئەوان بەڕاستی دەورووبەر نابینن؟ ئایا ئەوان سەیری تەلەڤزیۆنی وڵاتانی دراوسێی خۆیان ناکەن؟ ئایا نایانەوێ، یان هەر ئاستی فکری بەڕێوەبەرانی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن هەر ئەوەندەیە؟ میدیا ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەیە بۆ نیشاندانی واقیعی کۆمەڵگا و شتە جوان و ناشیرینەکان کە وەک خۆرەیەک بەربۆتە گیانی کۆمەڵگای ئێمە. ئایا میدیای کوردی ناتوانێ بەرنامەیەکی هونەریی بۆ منداڵان دابنێ؟ ئەم بەشەی کوردستان کە ئازاد بووە و خاوەن دەسەڵات و توانان، ئایا لە ڕووی ماددییەوە ناتوانن ساپۆرتی بەرنامەیەکی هونەری حەفتانە بکەن، کە سەیری بەرنامەیەکی موزیک شۆ بکەی، سەیری بەرنامەیەکی زیندووی گۆرانی بکەی، کەسێکی پسپۆڕ بێ و باسی گۆرانی بکا. نەک ئەوەی بڵێین تۆ حەزت لە چییە؟ ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە، یان نا؟، یان تەلەفۆنێکیان بۆ دێ و دەڵێ ئەرێ بۆ فڵان کەس بانگ ناکەن، دەڵێن جارێ با ئەمەیان تەواو بێ، ئەویش بانگ دەکەین. بیست ساڵ زیاترە کە کوردستانی باشوور ئازادە، ئایا توانیویانە بەقەت ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا ئیش بکەن؟ ئایا توانیویانە بەقەد ئەو ئەرشیڤەی زەمانی بەعس خزمەت بکەن؟ ئێستاش باشترین گۆرانییەکان هی ئەو سەردەمەن. چ ئەرشیڤێکیان هەیە و ئەگەر هەشبێ بەکەڵکی دووبارە لێدانەوە نایە، یان تەنیا بایەخ بە کۆمەڵێک کەس دراوە و دەڵێی لەو تەلەڤزیۆنە مارە کراون. هەموو بۆنە و سەری ساڵێک هەر دەبێ ئەوان دەعوەت بکرێن. زەقکردنەوەی هێندێک کەس دەبێتە هۆی مافخوارانی هێندێک کەسی تر. وەک مام هێمن دەڵێ: گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم، تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم. من تا ئەمڕۆ خزمەتی خۆمم کردووە، پێشموایە گۆرانی بۆ هێندێک کەس لە ڕووی حەزەوەیە، بەڵام بۆ من خەمە. بۆشایی و کەموکوڕی زۆر هەیە. بە من و کەسی وەک من پڕ نابێتەوە، دەبێ بیرێکی کراوەتر و گەورەترمان هەبێ. گرینگ ئەوە نییە من لە کوێوە هاتووم، گرینگ ئەوەیە من چم لە دەست دێ!. زۆر کەس هەر خەڵکی ئێرەن، بەڵام هیچیان لە دەست نایە. ئەوەی کردووشیانە بە کەڵکی خۆشیان نایە، چ بگا بەوەی بە کەڵکی خەڵک بێ. ئەو ڕۆڵەی کە دەبا هەیبێ، نەیبووە و ناشیەوێ بیبێ، دەنا ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ. خۆ ئەمە شتێکی سەیر نییە، دەتوانن پرۆگرامی باش دروست بکەن، بۆ دەبێ هەرچی گۆرانی هەیە پلەی یەک بێ. باشە کابرا چۆن دەتوانێ بەم شێوەیە هونەری ڕاستەقینەی خۆی دەربخا. کەسێک کە لە ستۆدیۆ بە فرتوفێڵ دەنگی خۆی دەشارێتەوە، دەنگی ڕاستەقینەی دەرناکەوێ.

**ڕامان:** بە حوکمی ئەوەی تۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی، ئاگات لە فارسەکان و کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەیە، هەروەها سەردانی کوردستانی باشووریش دەکەی و ئاگات لێرەش هەیە، هەروەها ئاگات لە کوردستانی باکووریش هەیە. ئەوەندەی تۆ ئاگات لێیە لەم وڵاتانەدا، چەند هونەرمەند بەرهەمی زانکۆ و

پەیمانگای هونەرە جوانەکانن؟ بەڕاستی ئەو زانکۆیانە توانیویانە لەم وڵاتانەدا هونەرمەند بەرهەم بێنن؟ ئەگەر نەیانتوانیوە هۆکارەکەی چییە؟

**خەبات مەولوودی:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی گشتی، قورسە، چون شێوازی بەڕێوەبردنیان جیاوازە. لێرە هەر کەس حەزی لێ بێ، دەچێتە پەیمانگا، یان کۆلیژی هونەر، بەڵام لە ئێران تاقیکردنەوە هەیە، دوو جیاوازی سەرەکی هەیە. لێرە هیچ تاقیکردنەوەیەک نییە و هەر کەس حەزی لێ بێ دەچێ. هونەرە جوانەکان لە کاتی ویلیەم یوحەننا خزمەتێکی گەورەی بە مۆسیقای کوردی کردووە(٢) کە بەداخەوە ماوەیەکی کەم دوای مەرزیە فەریقی کۆچی دوایی کرد، بەڵام کەس بایەخی پێ نەدا. لەگەڵ ڕێزم بۆ ناسری ڕەزازی و مەرزیە فەریقی، ئەو کارەی بۆ مەرزیە کرا، بۆ ویلیەم یوحەننا نەکرا. پێم وایە مۆسیقای ئەم وڵاتە لە هەر شوێنێک بێ، کاریگەری ئەوی لەسەرە. لە مامە سێوەوە بگرە تا تاهیر تۆفیق. کاری بۆ هەموویان کردووە. ئەوەی ژەنیاری ئێرەیە، لە ژێر کاریگەری ئەو و مامۆستا باکووری و چەند کەسێکی تر دان. ئەمانە توانیویانە پەرە بە مۆسیقای کوردی بدەن و زەحمەتیان پێوە کێشاوە، بەڵام هونەرە جوانەکان ئێستا لاوازە. دەچن چاوچاوێن دەکەن و گەنجن و شوێنەکەش خۆشە و دواتر شوو دەکەن و ژن دێنن و دەچن بەلای ژیانی خۆیانەوە. نابێ پێمان وابێ لە هەر وڵاتێکدا کە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لێ بێ، هونەرمەندی باشیشی لێیە، یان ئەگەر نەیبوو، هونەرمەندی تێدا هەڵناکەوێ. یان ئەگەر چوو، حەتمەن دەبێتە مۆسیقاژەن. ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ڕاهێنەرەکان و ئەو مامۆستایانەی لەوێن. فیستیڤاڵی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە بوو کە پێم وابێ ساڵی ٢٠٠٥ بوو، مامۆستا دلێر حسێن لەوێ بوو کە چەند شیعرێکی نالی بە سیمفۆنی دانابوو و کارێکی جوان بوو و بەشێکی من و بەشێکیشی ناسری ڕەزازی وتی. دلێر حسێن بە تەنیا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە کۆمەڵێک کەسی پێگەیاند، چونکە بە دڵ و بە گیان لەگەڵیان خەریک بوو و ئێستاش بەشێک لە قوتابییەکانی بوون بە ژەنیارێکی باش. ئەو کەسەی کە مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان چۆن بیر دەکاتەوە، بۆچی لەوێیە؟ ئایا بە ڕاستی خەریکی ڕاهێنانە؟ تا چەند بڕوای بە ئیشەکەیەتی؟ ئایا لەو بڕوایەیە کە دەتوانێ کەسی باش بۆ کۆمەڵگا پێ بگەیەنێ. لە هەموو وڵاتێکدا تەنیا یەک شت هونەر بەڕێوە دەبا، ئەویش هەستی دڵسۆزی و هەستی بەرپرسیارەتییە.

**ڕامان:** ئەی ئەو فیلتەرەی قوتابی پێیدا دەچێتە کۆلیژ، یان پەیمانگا؟ لە ئێران تاقیکردنەوە هەیە و لەوانەیە بەهۆی زیرەکی لە تاقیکردنەوەکەدا دەربچێ، یان لێرە بەپێی نمرەیە، بەڵام کەسەکە بۆ خۆی توانایی هونەری نییە؟

**خەبات مەولوودی:** زۆربەی کەسە بلیمەتەکانی جیهان لە هەموو بوارەکاندا، بە هونەریشەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمیان لە خێزانێکی دەوڵەمەندا گەورە بوون و کۆرسی جیاوازیان بڕیوە، تەنیا شتێکی دەروونییە. موجتەبا میرزادە یەکێک لەو بلیمەتانەیە کە ڕەنگە هەر پێنج سەد ساڵ جارێک کەسێکی وا لە دایک بێ، دەڵێ کاتی خۆی براکەم سەنتورێکی کڕی و دواتر وازی لێ هێنا و دوای ئەو من دەستم دایە و بەم سەنتوورە فێر بووم بێ ئەوەی بچمە هیچ شوێنێک تا فێرم بکەن. هونەر ویستێکی دەروونییە، ڕاستە کۆرسی زانستی و ئەکادیمی گرنگن، بەڵام لە پشت هەموو ئەوانەوە شتێک هەیە پێی دەڵێن (اشتیاق سوزان)، واتە ویستنێک لە ناخی دڵەوە، کە حەزت لە هونەر بێ، لە هەموو شتێک دەگوزەرێی و کارت بەوە نییە دەرفەتت هەیە، یان نا. زۆر کەس هەیە کۆرسی بەرزیشی بڕیوە، مۆسیقاش لێ دەدا، بەڵام قەت ناتوانێ یەک ئاواز دابنێ.

**ڕامان:** مافی ماددی و مەعنەوی هونەرمەند لە کوردستان تا چ ڕادەیەک پارێزراوە؟

**خەبات مەولوودی:** ڕەنگە وەک مافی ماددی هەموومان مافمان پێشێل کرابێ، بەڵام وەک مافی مەعنەوی هونەرمەند، پێم وایە دەبێ بۆ خۆیان مافی خۆیان بپارێزن. کە من حورمەتی خۆم نەگرم، کەس حورمەتم ناگرێ. من کە ڕێز بۆ هونەری خۆم دانەنێم، چاوەڕوانی ئەوە نیم کەس ڕێز بۆ هونەرەکەم دابنێ، ئەگەر من بۆ پارە و بەرژەوەندی ئیش بکەم، ڕەنگە بارودۆخم زۆر لەوەی ئێستا باشتر بێ، بەڵام ئەگەر لە بەرژەوەندی مۆسیقا بجووڵێمەوە، نابێ هێندێک شت بکەم. من بە کەس ناڵێم وا مەکەن، بەڵام من دەتوانم وەک ئەوان نەبم. لەباری مافەوە، هونەرمەندی کورد مافی پێشێل کراوە و

هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسای کۆپی ڕایت. هەموو وڵاتانی دنیا قانوونی کۆپی ڕایتان هەیە لە پێشکەوتووترین تا دواکەوتووترینیان، بۆ دەبێ لە کوردستان نەبێ؟ ئایا جێبەجێکردنی ئەم یاسایە زۆر سەختە؟ بۆ ئەگەر لەوسەری دنیا شتێک ڕوو بدا، لێرە دەیکەنە ڕێپێوان، بەڵام لەم کارەدا کە شتەکە هی نەتەوەکەی خۆمانە، لێی بێ دەنگن؟ هونەرمەندەکانیش لە بیری بەرژەوەندی خۆیاندان. دەڵێن بڕۆین چەند دەفتەرێک وەربگرین و بیخەینە تەنکەی گیرفانمانەوە، ئەگەر ئەم یاسایە هەبێ، هونەرمەند بە کەیفی خۆی ئیش دەکاو بۆ دڵی خۆی دەیکا. یەکەم شت بۆ جێخستنی هونەر ئەوەیە کە کەسەکە هونەر بۆ دڵی خۆی بکا. دەڵێن ئەو شتەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ، لە دڵیش دەنیشێ. مۆسیقای کوردی ئەمڕۆ زۆر بێ سەروبەرەیە، ڕێگا دیار نییە کە بڵێن ئەمە دەسپێکە، ئەمە هەوڵ و تێکۆشانە و ئەمەش ئەنجامەکەیەتی. هی وایە بێ هیچ دەسپێک و هەوڵ و تێکۆشانێک، ئەنجامی باشی هەبووە و هی واشە بە درێژایی ژیانی خەریک بووە، بێ ئەنجامە و خۆشی نازانێ چ بکا. دەیکەی نابێ و نایکەی بەڕێ ناچی.

**ڕامان:** ئایا ستایلەکانی مۆسیقا لە کوردستان دیاری کراون؟ مەسەلەن بڵێن ئەمە جازە، ئەمە ڕۆکە و...تاد؟

**خەبات مەولوودی:** نا نەبووە، هەر کەسە بۆ خۆی گۆرانییەک دەڵێ و دەڵێ من ستایلێکی نوێم داهێناوە. شوێنێک نییە بۆت دیاری بکا کە بڵێ ئەم کابرایە بە ستایلی جاز گۆرانی دەڵێ، ئەمەیان بە ستایلی پۆپ و ئەوی دیکەشیان بە ڕۆک. هێندێکیان وەک کەڵەبابەکە وان کە چینەش دەکا و جارجارە دەندووکیش لە پیسایی دەدا، ڕێچکەی خۆیان دیاری ناکەن. لە ئێران ئەوانەی گۆرانی سوونەتی دەڵێن، بە هیچ شێوەیەک گۆرانی پۆپ ناڵێن، ئەو کەسانەش کە پۆپ دەڵێن، گۆرانی سوونەتی ناڵێن، چونکە یاسایەک هەیە لە ئێران کە دەڵێ ئەو کەسەی گۆرانی سوونەتی دەڵێ، دەبێ ڕەدیف بزانێ. دەبێ مۆڵەتی مامۆستایەکی هەبێ و دیاریشی بکا کە قوتابی کام قوتابخانەیە. شەجەریان، یان ئیفتیخاری یان سەبا و...تاد. کتێبەکان دیاری کراون، ئاوازەکان دیارن. تۆ ناتوانی لە خۆوە هەڵکوتییە سەر هەر ستایل و ئاوازێک.گۆرانیبێژێکی فارس لەو سەری دنیاوە دێتە کوردستان و گۆرانییەکی هیچ و پووچ دەڵێ و دوای ماوەیەک دەبێتە یەکەم. وای فلان کەس چەند مەزنە کە گۆرانی کوردی وتووە. کوڕە چاوی دەرێ گۆرانی کوردی وتووە و بەراوردی دەکەن لەگەڵ کابرایەک کە بە درێژایی ژیانی گۆرانی کوردی وتووە و ژیانی بۆ کورد تەرخان کردووە. کاکە خۆ شتێکی سەیری نەکردووە، گۆرانییەکی وتووە کە هەمووشی هەڵەیە، ئەم بە چاوی کەم خۆ سەیرکردنە، دەردێکە کە لە سیاسەتیشماندا ڕەنگی داوەتەوە، لە ئابووریشماندا ڕەنگی داوەتەوە، لە کێشەکانی کۆمەڵایەتیشماندا ڕەنگی داوەتەوە. عەلی مەردان لە مەقامێکدا کە شیعری کەمالییە دەڵێ: شتی خۆماڵی هەر بێ قەدرە ئەگەر ڕاستت دەوێ هەزار قوورونی ئەعلا قیمەتی دەنکێک سمڵ ناکا. وەڵڵا هەزار شتی ئاوا ناکاتە گۆرانییەکی سەلاح داوده کە خێزانەکەی دەیگوت مانگی سێ سەد هەزار دیناریان پێ دەدایین کە تەواو ژیانمانی گۆڕی، بەڵام پێش مەرگی لێیان بڕی. ئەمە ڕێزلێنان لە هونەر و هونەرمەندی کورد نییە، ئەو قوڕگە کوردییە ئەو دەنگە ڕەسەنەی گەرمیان، ئەو سۆزەی لە مەقامەکانی گەرمیاندا هەیە لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە. ئەوە سەلاح داوده مرد، خۆ شوکر خەیات ماوە، ئەوانەی دیکە ماون، بۆ هیچ بۆ ئەوان ناکەن، ئەمە نیشانەی بێ کەسی و بێ خاوەنییە و بێ ڕێزی کردنە بە هونەر.

**ڕامان:** ئێمە بەرەو کۆتایی دەچین، ئەگەر قسەیەکت ماوە و نەگوترابێ..

**خەبات مەولوودی:** حەز دەکەم بە کورتە چیرۆکێک بگەمە ئەنجامی قسەکانم، دەڵێن بەیانی زوو لە یەکێک لە وێستگەکانی شەمەندەفەری واشنتۆن، ڤیۆلۆن ژەنێک ڤیۆلۆنەکەی لەناو جانتاکەی دەردێنێ و لە جێی خۆی پیاڵەیەک دادەنێ و دەست دەکاتە ژەنین، دەنگەکە بە ناو وێستگەکەدا بڵاو دەبێتەوە، وردەوردە خەڵکی لێ کۆ دەبێتەوە. کەسێک سەنتێکی بۆ خستە ناو پیاڵەکەوە، خەڵک دەهات و دەڕۆیشت. کابرایەکیش هات و دەستی کردە جگەرەکێشان و ڕۆیی. یەکێکی تر کەمێک ڕاوەستا و دوای ئەوەی مۆبایلەکەی زەنگی بۆ هات، ئەویش ڕۆیی. هەروا خەڵک دەهات و دەڕۆیشت، لەو ماوەیەدا، منداڵێکیش لەگەڵ دایکەکەی هات، دایکەکە بە زۆر دەستی منداڵەکەی دەگرت و دەیگوت با بڕۆین، منداڵەکە دەنگەکەی پێ خۆش بوو، لەگەڵی نەدەڕۆی، نیو

سـەعـاتێکی ژەند. دواتر ڕاوەسـتـا و پارەکـەی ژمـارد نزیکەی ٢٠ دۆلار و چەند سەنتێک، کەس نەیزانی ئەم پیـاوە کێ بوو، کـە ناوی یاشـوایل بوو کـە یەکـێکە لە باشترین سۆلیستەکانی (تاکژەنەکانی) ڤیۆلۆن لە دنیادا. پارتی تۆری نۆتەکانی بە چەند ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێن، هەر لەو شارەدا کۆنسێرتی بوو کە لە چوار مانگ پێشتر بلیتـەکـانی بە ١٠٠ دۆلار فـرۆشرا بوون، ئەوەش فـێـلـّی دەرهێنەرێکی تەلەڤـزیۆنی بوو کـە هەسـتـی جـوانناسی خـــەڵـک تاقی بـکـاتـەوە، ئەو دەڵـێ تـۆ لەو مــــاوەیەدا یاشوایل نابینی، داخۆ چەندان هەلی ئاوا جوانی دیکە لە دەست دەچن و ئاگـاش ناکـەی. بەرچاوترین میللەت بۆ ئەم حـاڵـەتە ئێـمـەین کـە هەمـیـشـە چاوەڕوانی ئەوەین گۆرانیبێژ بە پاپیۆن و قاتەوە دەرکەوێ. ئێمە بیر لەوە ناکەینەوە کە ڕەنگە لەو بنەماڵە هەژارەدا، یان لەو گوندە دوورەدا، کـــەســـێکی دەســـتـــەبژێر هەڵـبکەوێ. ئایا پەروەردەکردنی کەسی زیرەک و دەستەبژێر سەیرە؟ ئەگەر حەسـەن زیرەک و مـوجـتـەبا مـیـرزادە و عـەلی مـەردانمان نەبوایە، چمـان بکردایە؟ هەسـتـی جـوانیناسی لە ناو کــــورددا لاوازە، هیـــــوادارم ڕۆژێـک بێ بگـەیـەنە ئەو قەناعەتەی کە جوانبین بین، بە ئاسانی بە تەنیشت ئەو شـتـانەدا تێـپـەڕ نەبین کـە، ڕەنگە لە داهاتوودا ببنە دەسکەوتێک و پاڵـپـشـتـێکی گـەورە بۆ پتـەو ڕاگرتنی کولتووری کوردی و بە ئاسانی لەم شتانە دەرباز نەبین و بەجێی نەهێڵین. سوپاسی ئێوە و گۆڤاری ڕامان دەکەم کە ئەم دەرفـەتەتان بۆ ڕەخـسـانـدم، هەروەها سـوپـاسی ئەو کـەسـانەش دەکـەم کـە هەژار گـوتەنی هەڵەیەکـیـان بۆ هەڵگرتمەوە و هەڵەیەکیان بۆ ڕاست کردمەوە.

چاوەڕوانی ڕەخنە و پێشنیاری خـەڵکم، هەم ئیـمـەیلم هەیە و هەم لەسەر تۆڕی facebook وەڵامی پرسیار و ڕەخنەکان دەدەمەوە. چاوەڕوانی ئەوەم شیعری جوانم پێ پێـشـنیــار بکەن، چاوەڕوانی ڕەخنەم. لە ئەلبــومـە نوێکەمدا مامۆستا دلێر حسێن وەک مۆسیقاژەن و وەک ئارینجۆر، زۆر زەحـمـەتی کـێـشـاوە لەگـەڵم. سـوپـاسی دەکەم، هەروەها سوپاسی بەرپرسی کۆمپانیای ئاورینگ ئەحـمـەد داوود عـەزیز ئوغـڵـوو دەکەم کە سپۆنسـەریی ئەلبوومی وەرزی دووری کرد کە دوا بەرهەمی منە و وەک چەپکەگوڵێکی بەهاریی دیارییە بۆ هۆگرانی گـۆرانی و مۆسیقای کوردی و ئەو کەسانەی هۆگری دەنگی منن و هیــوادارم لە داهاتوودا بەرهەمی بەپێـزتر پێـشکەش بە مۆسیـقـای کوردی بکـەم. سـوپاس بۆ مـامۆسـتـا یوونس ڕەزایی هاوڕێی ئازیزم کـە هەمــووکــات بە شـیــعــرە جـوانەکـانی کـارەکـانم دەوڵەمـەندتر دەکـات، سـوپاسی تایبەت بۆ خـوشکی ئازیزم هێرۆ مەولوودی کـە هەمیشە پێمەوە ماندووە و هیوادارم مۆسیقای کوردی بگاتە ئەو ڕۆژەی کە هونەرمەند بۆ خۆی بڕیار بدا لەسەر کۆنسێرت و گۆرانی و بڵاوکردنەوەی ئەلبووم و کۆمپانیای هونەریی ئەوەندە زۆر بن کـە کـێـبـڕکێ دروست ببێ. بەداخـەوە ژمـارەیان ئەوەندە کـەمـە کـە بە کـەیفی خـۆیان لەگـەڵ هونەرمـەند دەجـوولێنەوە و مـافت پێـشـێل دەکـەن و کـەسیش نییـە لێپرسینەوە بکا و ئەگـەر قسـەیەکیش بڵێی، دەڵێن کاکە کێ سی دی ئۆرجیناڵ دەکڕێ، خەڵک دەڕۆن کۆپی دەکەن. هیوادارم هونەرمەندی کوردیش وەک هونەرمەندی نەتەوە زیندووەکانی دنیا مافی خۆی دیاری بکا و وەری بگرێ، تەنانەت لەو وڵاتانەشــدا کـە زۆر هەژارن، هونەرمـەند ژیانی خـۆشە و مـافی خـۆیانە، ئەمە شتێکە کـە خـودا پێی داون و خـۆیان پەرەیان پێ داوە و توانیویانە لە خزمەت نەتەوەکەیاندا بن. محەمەد عەلی کلای دەڵێ وەرزش شەڕی قۆناغی ئاشتییە و هونەریش بە هەمـان شـێـوە شـەڕی قـۆناغی ئاشـتـیـیـە. ئێـمـە بە هونەرەکەمان دەتوانین خۆمان لە نەتەوەکانی دیکە جیاواز بکەین و جـوانیـیـەکـانی خـۆمـان دەربخـەین، خـۆمـان بناسـێنین. هیوادارم ڕۆژێک کـورد وای لێ بێ کـە چەند گـــرووپی مـــوزیکی بەناوبانگی هەبێ تا بتـــوانین لە فـیـسـتـیـڤـاڵەکـانی دنیـادا کـولتـووری خـۆمـان بە دنیـا بناسێنین.

**(١) مـەقـامـەکـانی دەڤـەری گـەرمـیـان بریتین لە (قـەتار) و (ئەڵڵاوەیسی) و (ئای ئای) و (خـورشـیـدی)، هەرچی مـەقـامی سەفەر)ـە، ئەو مـەقـامـە تایبـەتە بە شاری سلێـمـانی و لەلایەن (ئەحەی ناسر) و (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (ئەخۆڵ) و (حەمە ساڵح دیلان) و (مەحموود تۆفیق شلک)ـەوە وتراوە.**

**(٢) مـامـۆسـتـا ولیـەم یوحـەننا مـامـۆسـتـای پەیمانگەی هونەرە جـوانەکـان، یان ئەکـادیمیـای هونەرە جـوانەکـان نەبووە، بگرە لە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی کاری کردووە.**

**(ڕامان)**